خۆشناو مەریوانی

پاریس ٢٠١١/٠٤/٢١

## شەوێکی سپی ورۆژێکی رەش

لەپاریس شەوانە کە هێشتا مۆتەکەی خەو ئێخەی نەگرتووم، وەک هەمیشەیی بە پێکێکی ووشەی کوردی لەدیوانەکانی شاعیرە کوردەکان یادێک دەکەمەوە. یادێکی مامۆستا هەردی ئەم شەو دەکەمەوە. یادێکیی سەردەمێک، خۆپیشاندانێک، ست فاتمەیەکیی یان شۆرشێک. هەموو شەوانێک کۆرێکی هونەری وزمانی کوردی لەگەڵ مامۆستای خۆشەویستم هەردی ئەگرم. فاتمە، دووچاوی مەستت، پڕتەلیسمی جوانییە پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە. بەم تەمەنەمەوە هەر کە دەگەمە سەر پۆکلەی هەر بەتەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم، ست فاتمە سەروەتم ناوێ، بزەی تۆ ئەوپەری ئاواتمە بست بست باڵادەکەم.

لەکاتی ئڵۆزی وهێمنی رادەی دڵم پەنا دەبەمە بەر هێمنی دڵی هەردی. لەراستیدا خۆشەیستم بۆ هەردی، خۆشەویستی وا کەنامەی خوایە بۆپێغەمبەران، بەرزو ناسک، وەک هەناسەی پڕگوڵاوی دولبەران. خەڵکی ترپارەپەرستیی، بابکەن، مامۆستا هەردی، من گوێ گرتن لە هۆنراوەکانتان، ئەوپەری ئاواتمە. ئەم شەو خەو ناچێتە چاوم. من لەکۆمپیوتەرەکەمدا هۆنراوەکانی مامۆستا هەردیم کۆپی کردوون، کەی ویویستم چاوێکی دڵیان لێدەکەم. مانگە شەوێکی گەش بوو لەپەنجەری ژورەکەمەوە هەستم بەتریفەی دەکرد، خەوم زرابوو، ست فاتیمەش ئەوەندەی تر خەوی زڕاندبووم.

چووم سەردانی سایتە کوردیکان بکەم. خوێندمەوە هۆنراوەیەکی مامۆستا هەردی بەدەست کۆمەڵێ نەزانی بیرسەوادوە براوە بۆجێگایەکی نادیاری، ئەو کۆمەڵە بیرسەوادە، لەوکۆمەڵانەن کە بەلێستنەوەی زەرفی دۆلاری بەتاڵ گۆشکراون، ئەوکەسانەن کەخۆیان وخانەوادەکانیان لەدێرزەمانەوە مەسینەهەڵگری ئاغا بیرتەسکێکن .بە لیستنەوەی سوکان وکوشنی مۆنیکا چاو رێژراون، بیرکردنەوەی ئاقڵانەییان چۆکدایانە بۆ هەر ئاغایەک عانەی بۆسەرف کەن. بەپێچەوانەی مرۆڤەوە! دەماخییان لە گەدەیاندایە.

خۆم بۆنەگیرا، گریام فرمێسک بەچاوانما، وەک بارانی بەهار بەلێزمە دەبارین. ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی دەرونی پڕ لەناکامیی ئەپێوم چۆڵی سەرسامی، نییە هەردەنگێ هیچ نایێ، لەهیچ شوێنێ لە هیچ لایێ، شەقەی باڵێ شنەی بایێ. بەگریانەوە گەرامەوە بۆلای مامۆستا بەپەلە چەند دێرێکم بەچاوی پڕفرمێسکەوە خوێندەوە، تابێمەوە سەرخۆم.

کەی رابوردی بەئەسپایی، لەسەر ئەم گۆرە پێ دانێ، کە مەهتابێکی تێدایە، مەگەر ئەو خوایە بیزانێ. لەباخی خۆشەویستیدا، گوڵاڵەی نەوجوانیی بوو، کەچی کاتی گەڵارێزانی ئەو، هێشتا بەیانی بوو.

ورێنەم لە تاوا دەکرد، کات فڕی شەو درەنگ بوو، کەچی هێشتا چارەم بۆ ئەو پارچە جەرگەی هەردیم نە دۆزیبۆوە. هێشتا پاریس لە شیرین خەودابوون، چوومە سەر شەقامەکان، وەک شێت بەرەو گەرەکی لاتینی شۆرشگێرەکان، سۆربۆن و پایتەختی شۆرشی ١٩٦٨ پاریس، بولڤاری سامی شێل رام ئەکرد. وەک شێتم لێهاتبوو، بەهەموو لایەکدا رام دەکرد، تاگەیشتمە بولڤاری سان جەرمان، تابەر پێیی پەیکەرەکەی داڵتۆن. لەبەر دەم پەیکەرەکەیدا، سڵاوێکی گەرمی پڕ خۆشەویستیم کرد. دامەنیم بە هەردوو دەست گرت، هاوارم کرد؛ دەستم دامانت فریامکەوە. هەر ئەوەندەی وتم فریام کەوە، دەستێک لە غەیبەوە هات بەرزی کردمەوە تا ئاستی چاوەکانم بەرامبەر چاوە شینەکانی داڵتۆن بوون. هاواری لێکردم چیت لێ قەوماوە؟.

بۆم گێرایەوە، بەهێمنی وەڵامی دامەوە:

من وەکوو گوڵی باغچەی هاورێکەمانم چ بەدەستم نییە، زۆر سوپاسی هەستت دەکەم ورێزدار وخۆشەویستی، بەڵام چارەی تۆ لای (مۆنتیسکۆ) ییە. خاوەنی رۆحی یاساکانە، ئێستا پێی دەڵێم رێگات بۆ رۆشن کاتەوە.

ویستم بە چەنابیان بڵێم: (مۆنتیسکۆ) لەپاریس ناژی، خەڵکی شاری بۆردۆییە.

لە ئاسمانەوە دەنگێکی گەورە هات، لە بەر چاوم ئاسمان دەخولایەوە، هەموو جیهان ئەهاتن وئەچوون. لە سوچێکی گێژاوی خەیاڵەکانمدا وام دەزانی شێت بووم. بەخۆمم ئەووت، نەکەی ورە بەردەی ، رێگای خەبات دووروو درێژە وخەباتی بەجەرگ ورۆژانی زۆرت لەبەردەمە، هەمیشە ورەت بەرزبێت. لەم ورێنانەدا بووم، کەوتمە ناو گەردەلولێکی نەهاتێووە، بەهێز بردمیی بەئاسماندا، بردمییە شوێنێک تروسکاییەک لە ناو تەموومژێکی خەستدا دیاربوو. بەرچاویی خۆم بە باشی نە ئەدی، لێی نزیک بوومەوە. لەترووسکایەکەدا کەسێکی پرشنگدار دییار بوو. واهەستم کرد ئەم کەسە لەژییانیدا تەنها بەووشە ژیاوە.

پاش سڵاو ووتم:

من فلانکەسم لای داڵتۆنەوە هاتووم. نەی هێشت ووشەکانم تەواوکەم. یەکەم ووشەیی، سووپاسی کردم. ویستم بڵێم، بەم شەوە درەنگە داوای لێبردن دەکەم. ئەمجارە هەروەها ووتەکانی پێبریم. فەرمووی لای ئێمە کات شوێن وجوگرافیا ئەو حیسابەی ئێووەی بۆناکەین. زانیم مۆنتیسکۆ خۆیەتی، پێی ووتم: چارەی تۆها لەلای رۆحەکانی یاسا، ( لەناو رۆحەکانی یاسادا تێدەگەی دەسەڵاتەکان دەبێت زۆر بە هێز لەیەک جوودابینەووە. دەسەڵاتی یاسا دانان و دەسەڵاتی تەنفیزیی و دەسەڵاتی دادوەری) ئەمانەن رۆحی تیوێرێکانی کۆمەڵگای مۆدرن، بە ٣١ موجەلەد ٢٦٣ ساڵ لەمەوبەر لە جونێف چاپم کردوون، هەروەها وتی:
لەبیرتان نەچێت جێاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە هێزی گەل تەوازن دەکرێن. پێویستە بە وڵاتەکت بفەرمووی کە ئتر کۆتای بەو نا ئاقڵییە بهێنن، کە داوای چاکسازیی لەدەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەتان بکەن؛ بۆگەنجەکانتان ترادیجییایەکی گەورە گەڵاڵەدەکەن. ئەودەسەڵاتەی ئێووە لە دەسەڵاتەکەی ماریائەنتەوانێت ولویسی ١٦ بێ دەسەڵاترن، نەتوانای رادەی تێگەیشتنی چاک سازییان هەییە، نە ئەزانن چاکسازی چییە، سێ دەسەڵاتەکە تێکەڵاوبوون، سنووری نێوانیان نییە، بوون بەیەک دەسەڵات، ئەویش دەسەڵاتی دز وخۆپەرستانن. لەکاتی ئرم رۆدا تەنیا رووخاندن چارەسەرە. برۆن تێکۆشن هێمنانە ولەسەرخۆ. ئامادەبن بۆرۆژی پێویست، بەستراون بەشارە گەورە کانی دراوسێکانتانەوە، لەکۆتایدا بیستوومە دەتانەوێت ڤۆلتەر وجانجاکرۆسۆ ببینن، پێویست ناکا، خۆم پێش جەنابتان زیارەتم کردوون وتووێژم لەگەڵ کردوون.

برۆ سەرکەوتووبن. ئەمەی وتوو، کەوتمەوە بن پای پەیکەرەکەی داڵتۆن.

من گووتم

( نووری عومری سەر ئەکات بۆکەشفی تاریکی لە خەڵق، وەک چرای هەرکەس بەشۆخی مەجلیس ئارای دەکا).

دنیا هێشتا تارێک بوو، پاریسێکان نەکەوتبونەووە جمووجۆڵ. بەر پێی پەیکەرەکەم ماچ کردوو، بەخەفەت وتورەیوە بۆماڵەوە گەرامەوە. بەدەم رۆشتنەوە بیرم لێکردەوە کە هۆنراوەکانی مامۆستا هەردی هێز نییە بتوانێت بیان ژاکێنێت، پێویستە بچمەوە بۆماڵەوە، تۆزێ بنووم ودواجار بۆ کاربچم.

ئێوارە درنگانێک لەکارگەرامەوە، بەپەلە چوومە سەر کۆمپیوتەرەکەم، دڵم زۆر خۆشبوو، چاوم بە ئەم دێرە هۆنراوەیەکەوت:

هەتا حەق ناصرە، هەر حەقمە مەنظور، وەکو مەنصور، ئەگەر بمکەن بەدارا.

Meriwany٥@gmail.com